Kurdocide Watch CHAK Çawdêrî Kurdosayd

www.kurdocide.com

**Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan**

Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

# چاودێری کوردۆساید پێشوازی لە ناسینی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان بە جینۆساید دەکات ، سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمیش لە جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی دادگا بە بەرپرس دەزانێت

لە بەرواری ٢٩-١١-٢٠١٠,پاش ٤٤ دانیشتنی دادگا و بەردەوام بوونی پرۆسەی دادگاییەکە لە ماوەی ٢٢ مانگ و ٣ رۆژ ,دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی بڕیاریدا راگواستن و کۆمەڵکوژی و بێسەروشوێنکردنی کوردە فەیلییەکان وەك جینۆساید بناسێنێت .ئەمڕۆ دووشەممە بەرواری ١-٨-٢٠١١ ,پارلەمانی عێراقی لە دانیشتنی خۆیدا کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکانی بە جینۆساید ناساند ,ئێمە لە ناوەندی چاك کە بەردەوام چالاکیمان بۆ ئەو پرسە کردووە پێشوازییەکی گەرم لەم بڕیارەی پارلەمانی عێراقی دەکەین و ئەمە بەسەرەتایەك بۆ سڕینەوەی شوێنەواری چەوساندنەوەو مەزڵوومیەتی فەیلیەکان دەزانین و خواستارین قەرەبوو کردنەوەی ئابووری و سیاسی و مەعنەویشی بە دوادا بێت و بڕیارەکانی دادگاش لەسەر سەرجەم تۆمەتباران جێبەجێبکرێت .

لێرەوە لەم بۆنە خۆشەوە جارێکی دیکە داواکارین بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان بەسەر سەرجەم تاوانباران و تۆمەتبارانی جینۆسایدی گەلی کورد جێبەجێبکرێت بێ جیاوازی , هەر خەمساردییەکیش لەو ئاستە هەر ٣ سەرکردایەتیەکەی عێراق و کوردستان ((سەرۆکایەتی کۆمار,سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران,سەرۆکایەتی پارلەمان)) (( سەرۆکی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پارلەمانی کوردستان)) بە بەرپرسی یەکەم دەزانین لە ئاست جێبەجێنەکردنی دادپەروەری و بڕیارەکانی دادگا ,لە پێش هەمووشیانەوە سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

**چاودێری کوردۆساید-چاك**

**Kurdocide Watch**

**چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە ٦ - ١- ٢٠٠٢ وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە ٢٠٠٢ دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە ٢٤ - ١- ٢٠٠٩ دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.**

www.kurdocide.com
www.kurdocidewatch.net
kurdocide@hotmail.com
1-8-2011

**چاودێری کوردۆساید ڕێکخراوێکی سیڤیلی سوود نەویستی سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە پرەنسیپ و پێوەرە دیموکراتییەکان، کارەکانی خۆی لەسەر پرسەکانی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤی کوردستان کراون و دەکرێن بەڕێوە دەبات. ،لە ٦-١-٢٠٠٢ دامەزراوە ، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و هەموو پارچەکانی کوردستان لق و کۆمیتەی هەیە ، ،پێشتر لە ژێر ناوی(**ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالــــکردنو جینۆسایدی گەلی کـورد- چاك **)کاری دەکرد، لە بەرواری ٢٤-١-٢٠٠٩ ئەم ناوەی وەرگرت ,تا ئێستا سێ کۆنگرەی بەستووە,ساڵانە سەدان چالاکی ئەنجامە دات .**

**چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە ٦ - ١- ٢٠٠٢ وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە ٢٠٠٢ دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە ٢٤ - ١- ٢٠٠٩ دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.**